Southampton City Council

# Tenancy Agreement

Kurdish



SOUTHAMPTON CITY COUNCIL

## گرێبەستی بەکرێگرتن

ئەمە گرێبەستێکی یاساییە کە ماف و بەرپرسیاریەکان دەخاتە ڕوو بۆ کرێچیەکی کانسڵ (ئەنجومەنی شارەوانی) و بۆ Southampton City Council ( ئەنجومەنی شارەوانی شاری ساوسهامپتن)

# ماڵە

# نوێکەی تۆ

## بەخێرهاتیت بۆ ماڵە نوێکەت

Southampton City Council حەز دەکات بەخێرهاتنت بکات بۆ ماڵە نوێکەت و گەڕەکەکەت. هیوامان وایە کە وەک کرێچیەکی کانسڵ هەمیشە بەختەوەر بیت.

ئەم بەڵگەنامەیە هەردوو بەرپرسیاریەکانی کرێچی و ئەوانەی کانسڵ دەخاتە روو.

زۆر خزمەتگوزاری بەنرخ هەن لە ئارادا کە وەک کرێچی کانسل، دەتوانیت سوودیان لێ ببینیت بۆ ئەوەی دڵنیای بکەیت کە خێزانەکەت بە بەختەوەری و سەلامەتی لە ماڵەکەتاندا بژین. ئەم پەرەیە زیاترت پێ دەڵێت سەبارەت بە خزمەتگوزاریەکان و چۆنێتی وەرگرتنی زانیاری تەواو.

نووسینگەی خانووبەرەی ناوچەکەت

نووسینگەی خانووبەرەی ناوچەکەت کە دەکەوێتە نزیکی ماڵەکەتەوە، دەتوانیت بۆ زۆر خزمەتگوزاری خانوبەرە و خزمەتگوزاریەکانی تری کانسڵ سوود لێ وەربگریت. دەتوانیت سوودی لێ وەربگریت بۆ:

- پارەدانی کرێ.
- راگەیاندنی چاکردنەوەکان.
- سەبارەت بە خانوو گۆڕینەوە زانیاری وەربگریت.
- ئاگاداری بدەیت سەبارەت بە ئۆتۆمبیلی وێڵکراو.
- دەنگە دەنگ یان بێزارکردنی دراوسێ رابگەیەنیت.

یان هەر پرسیارێکی تر کە سەبارەت بە بەکرێگرتن، ماڵ یان خزمەتگوزاریەکانی تری کانسڵ کە هەتبن.

نووسینگەکانی خانووبەرە لە شارەکەدا هەن. ئەگەر دەخوازیت بزانیت کە کامەیان نزیکترینە لە تۆ، ئەوا تەلەفۆن بکە بۆ 2241 8083 023 یان ئیمەیڵ بنێرە بۆ housing.services@southampton.gov.uk.

Neighbourhood Wardens (فەرمانبەری گەڕەک)

neighbourhood warden کانی کانسڵی شار لە نزیکەوە لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە و ڕێکخراوەکانی وەک پۆلیس و خزمەتگوزاریەکانی تەندروستیدا کاردەکەن بۆ ئەوەی کە ناوچەکەت بە سەلامەتی ڕابگرن بۆ هەموو کەسێک کە لەوێ دەژی.

neighbourhood warden کان ژمارەیەکی جیاواز لە ئەرک ئەنجام دەدەن لەوانە:

- ڕێکخستنی خوڵرشتن، لابردنی نووسینی سەرشوێنەکان و پاشماوە زۆرەکان
- هاوکاری و پشتگیری خەڵکانی بەتەمەن و نیشتەجێی داماوەکانی ناوچەکە دەکەن
- ناوچە هاوبەشەکان و دەرەوەی ماڵەکان یان باڵەخانەکان بە پاکوخاوێنی و سەلامەتی رادەگرن
- هاوکاری دەکەن لە چارسەرکردنی ناکۆکیە بچووکەکانی نێوان دراوسێ یان ڕەفتارە دژە کۆمەلایەتیەکان
- ڕیکخستنی کاری کانسڵ و خزمەتگوزاریەکانی تر لە ناوچەکەدا.

هەروەها لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە قسە دەکەن بۆ ئەوەی کە بیرۆکەی ئەوان وەربگرن بۆ چاکسازی لە ناوچەکەدا. بۆ ئەوەی کە پەیوەندی بە warden کانەوە بکەیت لە ناوچەکەتدا، ئەوا ئەو کاتانەی کە لەوێدا دەیانبینی قسەیان لەگەڵدا بکە، لە نووسینگەی خانووبەرەی ناوچەکە پەیامیان بۆ بەجێبهێڵە یان تەلەفۆن بکە بۆ actionline (هێڵی تەلەفۆنی کار) بە ژمارە تەلەفۆنی 19 19 519 0800.

Actionline

Actionline هێڵی تەلەفۆنی خۆرایی کانسڵە کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ راگەیاندنی چاکردنەوەکان یان بۆ ئەوەی بزانیت کە چاکردنەوەکان لە چ قۆناغێکدان.

هەروەها دەتوانیت Actionline بەکاربهێنیت بۆ ئەوەی کە پێمان بڵێیت یان بزانیت سەبارەت بە کۆکردنەوەی خۆڵ، (لەوانە کۆکردنەوەی پاشماوەی گەورە لەماڵەکەی تۆوە)، ریسایکلکردن (بەکارهێنانەوەی شتەکان)، چاڵی شەقامەکان، ناسەلامەتی شەقامەکان یان شۆستەکان، ئۆتۆمبیلە وێڵکراوەکان، ڕوناکی شەقامەکان، نووسین لەسەر شوینەکان، فڕیدانی پاشماوە، پیسایی سەگ یان وێستگەی پاسی شکاو یان خراپبوو.

دەتوانیت تەلەفۆن بۆ Actionline
بکەیت، دووشەممە بۆ هەینی 8.30 ی بەیانی- 5 ی ئیوارە بە ژمارە تەلەفۆنی

actionline 0800 5 19 19 19

یان ئیمەیڵی action.line@southampton.gov.uk

بەشداری بکە ... لە کۆمەڵگەی کرێچیەکانی ناوچەکەتدا

ئەگەر حەز دەکەیت کە دەنگی تۆ ڕەنگبداتەوە لە بڕیارەکاندا سەبارەت بە ماڵ یان باڵەخانەکەی کە تێیدایت، دەدرێن و هەروەها بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگەی ناوچەکەت بناسیت، بۆچی بەشداری ناکەیت لە کۆمەڵگەی کرێچیەکانی ناوچەکەتدا یان هاوکاری بکە لە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی نوێ لە ناوچەکەتدا.

زۆر گروپی کرێچیەکان و نیشتەجێکان لە ناو شاردا هەن. پلان دانراوە بۆ دامەزراندنی black and ethnic tenants association (کۆمەڵگەی کرێچیە ڕەش پێست و کەمینە ڕەگەزەکان) و گروپی کرێچیە کەمئەندامەکان هەن.

هەموو کۆمەڵگەکانی کرێچی مافی ئەندامیتیان هەیە لە Southampton Tenants and Residents Federation ( فیدراسیۆنی کرێچی و نیشتەجێکانی ساوساهاپتن) کە نوێنەرایەتی هەمو کرێچیەکان دەکات و لەگەڵ کانسڵ کار دەکات لەسەر بابەتە گرنگەکانی وەک کرێ و ڕێساکانی خانووبەرە.

بۆ ئەوەی کە بزانیت نزیکترین کۆمەڵگەی کرێچیەکان لە تۆوە کامەیە، پرسیار لە نووسینەگی خانووبەرەی ناوچەکەت بکە یان تەلەفۆن بکە بۆ ژمارە تەلەفۆنی 023 8083 2299.

ئەم پەڕەیە سەرەتایەکە بۆ ناسینی هەندێک لەو شتانەی سوودمەندن گەر بیانزانیت بۆ ئەوەی وەک کرێچیەکی کانسڵ لە ماڵە نوێکەدا جێگیر ببیت و ئەمانە بەشێک نین لە گرێبەستی بەکرێگرتنەکەت.

ئەمە نیشانی دەدات کە لە کوێ دەتوانیت زانیاری زیاترت دەستبکەوێت لە نامیلکەی کرێچی ( Tenants Handbook) دا.

گرێبەستی بەکرێگرتن

ئەمە گرێبەستێکی یاسایییە کە ماف و بەرپرسیاریەکان دەخاتە ڕوو بۆ Southampton City Council ('th council') و بۆ کرێچی.

- ناونیشانی ماڵەکە کە لەم گرێبەستەدا

______________________________

______________________________

______________________________

- ناو (ەکان) ی کرێچی (ەکان):

1. ______________________________

2. ______________________________

- ئەم گرێبەستە پاریزراوە هەفتانەیە، دەست پێ دەکات لە دووشەممە______________________________

- جۆری ماڵەکە: ______________________________

- دەگوونجێت بۆ ڕاگرتنی سەگ: بەڵێ/نەخێر (بەپێی گونجاوی بکوژێنەرەوە)

- زۆرترین ژمارەی خەڵک کە ڕێیان پی دەدرێت لێرە بن: ______________________________

- کۆی گشتی کرێی مالەکە: £ ______________________________

- کە ئەوە ئەم خەرجانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

پارەدانی گەرمی بەڵێ/نەخێر £ ______________________________

پارەدانی خزمەتگوزاری بە گشتی بەڵێ/نەخێر £ ______________________________

پارەدانی پشتگیری خزمەگوگزاری بەڵێ/نەخێر £ ______________________________

(ئەم برانەی سەرەوە دەشێت بگۆردرێن دوای چوار هەفتە ئاگادارکردنەوە لەلایەن کانسڵەوە).

- قەرزی بەکرێگرتنی ماڵی پیشووت (ئەگەر ناتگرێتەوە ئەوا خەتی پێدا بهێنە)

ڕێکەوتنێکی پاردانەوە کراوە بۆ گەرانەوەی قەرزی خانووی پێشوو، لە کاتی ئیمزاکردنی ئەم گرێبەستی بەکرێگرتنەدا ئەوە زانراوە. ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ:

______________________________
______________________________
______________________________

| بڕی پارەکە | ناونیشانی بەکرێگرتنەکەی پێشوو |
| --- | --- |
| 1. ______________________ | ______________________ £ |
| 2. ______________________ | ______________________ £ |
| کۆی گشتی ______________________ | ______________________ £ |

- کانسڵ ئەو ماڵەی سەرەوەی بەکرێ داوە بەپێی مەرجەکانی بەکرێگرتن کە لەم گرێبەستەدان. ئەگەر زیاتر لە یەک کرێچی ناوی لەسەر ئەم گرێبەستە بێت ئەوا گرێبەستەکە هەردووکتان دەگرێتەوە.
- هەر ئاگادارکردنەوەیەک (لە کاتی پرۆسەکردن یان هەر کاتێکی تر بێت) کە بۆ Southampton City Council بنێردرێت دەبێت بنێردرێت یان بدرێت بە:

Head of Housing Management
Southampton City Council
Civic Centre
Southampton
SO14 7LR

- دوای خوێندنەوەی ئەم گرێبەستە هەموو کرێچیەکان دەبێت لە خوارەوە ئیمزا بکەن.

**ئەو زانیاریەی کە لە فۆرمی داواکاری خانووبەرەدا من (ئێمە) نووسیومانە دروست بووە و ئێستەش دروستە. من (ئێمە) قایلین بە مەرجەکانی ئەم گرێبەستی بەکرێگرتنە. من (ئێمە) کۆپیەکی نامیلکەی کرێچیەکانم پێ دراوە.**

| ناو بنووسە | ئیمزا |
| --- | --- |
| 1. ______________________ | ______________________ |
| 2. ______________________ | ______________________ |

| فەرمانبەری خانووبەرە | ئیمزا |
| --- | --- |
| ناو بنووسە ______________________ | ______________________ بۆ Southampton City Council و لەبری ئەو |

بەرواری ______________________

## 1. گرێبەستی پارێزراو (Secure tenancy)

1. ئەم گرێبەستە، گرێبەستێکی یاساییە و ئیمزاکردنی دەتکاتە کرێچیەکی پارێزراو.
ئەمە ئەو ماف و بەرپرسیاریانەت پێ دەدات کە مەرجەکانی گرێبەستەکەن.

1.2 وەک کرێچیەک **دەبێت** مەرجەکانی ئەم گرێبەستە جێبەجێ بکەیت. تۆ بەرپرسیاریت لە ڕەفتار و کردەوەکانی هاوڕێکانت، خزمەکانت، هەر کەسێکی تر (لەوانە منداڵەکانت) و گیانداری ماڵی کە لای خۆتن یان سەردانی ماڵەکەت دەکەن، لە شوێنە هاوبەشەکان یان نزیک ماڵەکەتن.

1.3 کرێچیە درواسێکەی کانسڵی تۆ هەمان ماف و بەرپرسیاریەکانی هەیە کە تۆ وەک کرێچێ هەتن.

1.4 ئەگەر لەگەڵ کەسێکدا بەیەکەوە کرێچی بن ئەوا هەر یەکێکتان بەپرسیارە لە پابەندبوون بە گرێبەستەکە، لەوانە کرێدان.

1.5 گۆڕانکاری لە مەرجەکانی بەکرێگرتندا:

- ئەگەر بمانەوێت هەر مەرجێک لە مەرجەکانی بەکرێگرتنەکەت بگۆڕین ئەوا دەتوانین ئەوە بکەین بە قایل بوونی تۆ یان بە دەرکردنی 'ئاگادارکردنەوەی گۆڕانکاری' (notice of variation).
- ئەگەر ئێمە ' ئاگادارکردنەوەی گۆڕانکاری' یت بۆ دەربکەین ئەوا ئێمە:
  - ♦ ئاگادارکردنەوەی سەرەتاییت بۆ بنێرین پێش ئەوەی کە ئاگادارکردنەوەکە خۆی بنێردرێت.
  - ♦ ڕاوێژکاریت لەگەڵ بکەین سەبارەت بە پارە وەرگرتنەکان بەپێی داواکاری یاسا.
  - ♦ 28 ڕۆژ (چوار هەفتە) ئاگادارکردنەوەت پێشوەختت بۆ بنێرین سەبارەت هەر گۆڕانکاریەک لە مەرجەکانی کرێگرتەییدا.

1.6 گۆڕانکاریە گەورەکان لە خزمەتگوزاری خانووبەرەمان بۆ تۆ:

ئێمە ڕاوێژکاریت لەگەڵ دەکەین ئەگەر هەر پلانێک لە ئارادا بێت بۆ ئەمانە و 28 ڕۆژ (چوار هەفتە) ئاگادارکردنەوەی پێشوەختت بە نووسین بۆ دەنێرین پێش ئەوەی کە پارەوەرگرتن دەست پێ بکات.

1.7 مافەکانی تۆ بۆ ژیان لە ماڵەکەتدا:

ئەم ڕێکەوتنامەیە مافت پێ دەدات، وەک کرێچیەک، کە لە ماڵەکەدا بژیت مەگەر هۆکارێکی یاسایی هەبێت بۆ ئێمە کە دەست بکەین بە پرۆسەکانی ماڵ وەرگرتنەوە و دادگا ماڵەکەت لێ وەربگرێتەوە بە دەرکردنی فەرمانی وەرگتنەوە بۆ ئێمە. بۆ نموونە:

- ئەگەر مەرجەکانی ئەم ڕێکەتنامەیە بشکێنیت. ئەگەر ئەوە بکەیت ئەوا ئێمە کردەوەی یاسییت لەگەڵ دەکەین بۆ ئەوەی کە فشارت بخەینە سەر کە مەرجەکانمان جێبەجێ بکەیت یان داوا لە دادگا بکەین کە مۆڵەتمان پێ بدات دەرت بکەین.
- ئەگەر ماڵەکەت چیتر وەک تەنها ماڵ یان ماڵی سەرەکیت نەمێنێت.
- زانیاری درۆ یان ساختەت دابێت بۆ وەرگرتنی ماڵەکەت.
- پێویستمان بە گۆڕانکاری یان چاکردنەوەی گەورە هەبێت کە نەتوانین بیکەین ئەگەر تۆ نەچیتە دەرەوە.
- ئەگەر بنەمایەکی یاسایی هەبێت بۆ وەرگرتنەوەی ماڵەکە بەپێی یاسای خانووبەرەی ساڵی 1985، یاسای خانووبەرەی ساڵی 1996 یان هەر یاسایەکی داهاتوو.

1.8 ئەگەر بڕیار بدەین کە کردەوەی وەرگرتنی ماڵەکە دەست پێ بکەین ئەوا تێبینی یاسایی گونجاوت بۆ دەردەکەین:

- تێبینیەکە لەوانەیە بۆ ماڵەکە دەربکرێت یان بۆ خۆت شەخسی دەربکرێت.
- ئەو تێبینیەی کە بۆ ڕەفتارە دژە کۆمەڵایەتیەکان دەردەکرێت دەشێت ببێتە هۆی وەرگرتنەوەی دەستبەجێی ماڵەکە لە دادگا.
- ئەگەر لەبەر هەر هۆکارێک بێت فەرمانێک دەربکرێت بۆت، ئەوا کردەوەی وەرگرتنەوە لە دادگا دەشێت لە ماوەی 28 ڕۆژ (چوار هەفتە) دا لەو ڕۆژەوە دەست پێ بکات.

1.9 ئەگەر سەرپێچی هەر کام لە مەرجەکانی ئەم ڕێکەوتنامەیە بکرێت ئەوا خەرجەکەت لێ وەردەگرین بۆ:

- خەرجی ئەنجامدانی کردارەکە لە دژی تۆ لە ڕێگای دادگاوە.
- خەرجی چاکردنەوەی ئەو سەرپێچیکردنەی گرێبەستی بەکرێگرتنەکەت.
- بۆ هەر چاکردنەوەیەک یان هەر کارێکی تر لە ماڵەکە، شوێنە هاوبەشەکان یان ناوچەکە، بەهۆی سەرپێچیکردنەکەوە. لەوانەیە لەڕێگای وەرگرتنەوەی پارەی چاکردن ( Maintenance Recovery Charge) وە ئەوە بکرێت.

1.10 دەبێت هەر پارەیەک کە لەسەرت دادەنێین بیدەیت، لەوانە پارە وەرگرتنەوەی چاک ڕاگرتنی شوێنەکە.

1.11 مانەوە لە شوێنەکەدا:

a. دەبێت ماڵەکە تەنها ماڵ یان ماڵی سەرەکی تۆ بێت.

b. ئەگەر ماڵەکە وەک تەنها ماڵ یان ماڵی سەرەکی خۆت بەکارنەهێنیت ئەوا بەکرێگرتنە سەلامەتیەکەت کۆتایی پێ دەهێنرێت و ئێمە کار دەکەین بۆ وەرگرتنەوەی ماڵەکە.

c. ئەگەر ماڵەکە لەلایەن تووە بەجێهێڵرا بێت، ئەوا ئێمە دەتوانین کار بکەین بۆ وەرگرتنەوەی ماڵەکە بێ چوونە دادگا.

1.12 بەکرێدانەوە:

a. ئەگەر بۆ ماوەی کاتیش بێت **نابێت تۆ** هەموو ماڵەکەت بەکرێ بدەیتەوە. دەستبەجێ گرێبەستە بەکرێگتنە سەلامەتەکەت لەکیس دەچێت و ئێمە کار دەکەین بۆ وەرگتنەوەی ماڵەکە.

b. **دەبێت** بەنووسین مۆڵەتمان لێ وەربگریت ئەگەر دەخوازیت کە بەشێک لە ماڵەکەت بەکرێ بدەیتەوە.

1.13 گرێبەستی بەکرێگرتنەکە بدەیت بە کەسێکی تر:

تەنها بەم ڕێگایانەی خوارەوە دەتوانیت گرێبەستی بەکرێگرتنەکەت بدەیت بە کەسێکی تر:

- لەلایەن دادگاوە فەرمانت پێ درابێت.
- بۆ کەسێک کە بتوانێت کە گرێبەستی بەکرێگرتنەکەی لە پاش مردنی تۆ بۆ بمینێتەوە. دەبێت مۆڵەت بە نووسین لە ئێمە وەربگریت پێش ئەوەی کە لەسەر ئەو بنەمایانە گرێبەستی بەکرێگرتنەکە بدەیت بە کەسێکی تر، ئێمە دەتوانین ئەو مۆڵەتە ڕەتبکەینەوە بەڵام بە شێوەیەکی ناگونجاو ئەوە ناکەین.
- بە گۆڕینەوەی دوو لایەنی کە دەبێت مۆڵەتی ئێمە وەربگریت.

بۆ مانەوە (گوێزانەوەی گرێبەستی بەکرێگرتنەکەت لە دوای مردنت)، بەشێک نیە لەم بەکرێگرتنەی کە کە دراوە بە تۆ.

1.14 کۆتایی هێنان بە کرێگرتنەکەت - سەیری بەشی 6 ی ئەم ڕێکەتنامەیە بکە - بەجێهێشتنی شوێنەکە.

2. کرێکەت

2.1 کرێکەت لە سەرەتای بەکرێگرتنەکەتدا لەسەر ڕێکەوتنامەکە دەنووسرێت. ئەمجا ئەو کرێیەی کە دەبێت بۆ ماڵەکە بدرێت لەسەر کارتی کرێکەت دەنووسرێت.

2.2 کرێدانی ماڵەکەت:

a. **دەبێت** لە کاتی خۆیدا کرێی ماوەکە بدەیت. ئەوە ئەو پارەیەیە کە ئێمە بۆ ژیان لە ماڵەکەدا لێتی وەردەگرین. ئەمجا کرێکە دەبێت بدرێت ئەگەر چیش تۆ چاوەڕوانی داواکاری هاوسین بەنەفێت (پارەی هاوکاری خانووبەرە) بیت کە وەڵام بدرێتەوە.

b. **دەبێت** هەر پارەیەک کە لەسەرت دانراوە وەک بەشێک لە کرێکەت لەکاتی خۆیدا بیدەیت. بۆ نموونە پارەی گەرمی، پارەی پاراستنی شوێنەکان یان پارەی خزمەتگوزاری پشتگیری.

- دەبێت ئەم پارانە بدەیت ئەگەر چیش هاوسین بەنەفێت بەشەکانی تری کرێکەت بدات یان ئەگەر چاوەڕوانیت داواکەت پرۆسە بکرێت.
- ئەگەر پێویست بێت ئەو پارانە بدەیت کە لەسەر کارتی بەکرێگرتنەکەت نووسراون (نووسینگەی خانوبەرەی ناوچەکەت دەتوانێت زانیاری و ئامۆژگاری دابین بکات).

c. ئەگەر پارەی خانووبەرە وەربگریت ئەوا دەبێت دەستبەجێ سەبارەت بە هەر خەرجێک ئاگادارمان بکیتەوە کە لەوانەبێت کاریگەری لەسەر مافەکانت هەبێت.

d. هەر پارەیەک کە نەدرابێت یان داواکەوتبێت، وەک قەرزی کرێ تۆمار دەکرێت.

2.3 کاتێک کە پارەی کرێکەت دەدەیت:

a. **دەبێت** کرێکەت لە پێشەوە بدەیت و قەرزدار نەبیت. کارتی کرێدانەکەت، ڕۆژی کرێدانەکەتی لەسەر نیشان دراوە

b. ئێمە کرێی ساڵانەی 48 هەفتەیی بەکاردەهێنین (49 هەفتە لە 53 هەفتەی ساڵی دارایی)

چوار هەفتەی بێ کرێدان لە ساڵێکدا هەیە (کە لەسەر کارتی کرێدانەکەتە).

- تەنها کاتێک دەتوانین سوود لەو هەفتە بێ کرێیانە وەربگریت کە لەو هەفتانەدا تۆ کرێچی بیت.

c. ئەگەر قەرزداری کرێ بیت ئەوا **دەبێت** بەردەوام بیت لە کرێدان بۆ کەمکردنەوەی قەرزەکانت لە چوار هەفتە بێ کرێکەتدا.

2.4 گۆڕانکاری لە کرێ خانوودا:

a. دەتوانین بڕی کرێکەت و هەر پارەیەکی تر کە بەشێک بێت لێی، بیگۆڕین بەپێی داواکاری یاسایی.

b. ئێمە دەتوانین پارەت لێ وەربگرین بۆ هەر چاکسازیەک، چاکردنەوەیەک یان خزمەتگوزاریەک کە دابین دەکرێت بۆ ماڵەکە کە لە چوارچێوەی داواکاری حکومەت و یاسادا حساب دەکرێت. ئەم گۆڕانە بەشێک دەبێت لە کرێکە.

c. ئێمە پێش 28 ڕۆژ (چوار هەفتە) بە نووسین ئاگادارت دەکەینەوە سەبارەت هەر گۆڕانکاریەک لە کرێکەتدا، لەوانە هەر پارەدانێک یان پردانێکی تر کە بەشێک بێت لە کرێکەت. ئەمە پێی دەگووترێت تێبینی گۆڕانکاری.

2.5 خزمەتگوزاریەکانی پشتگیری:

a. ئەگەر لە ماڵی گوزەرانی تەمەندارانداندا بژیت ئەوا دەبێت لەوێدا خزمەتگوزاری پاڵپشتکراو قبوڵ بکەیت. دەبێت ئەو پارانە بدەیت وەک بەشێک لە کرێکەت.

b. ئەگەر لە ماڵی تەمەنداراندا نەژیت، بەڵام هەڵسەنگاندنت بۆ کرابێت وەک کەسێک کە پێویستی بە خزموتگوزاری هەبێت، ئەوا دەبێت ئەو خزمەتگوزاریە قبوڵ بکەیت و پارەکەی بدەیت کە دەبێتە بەشێک لە کرێکەت.

2.6 ئەگەر لەگەڵ کەسێکدا بەیەکەوە کرێچی بیت:

a. ئێوە بەرپرسیارن لە کرێکە:

- هەمووتان بەرپرسیارن لە کرێدان و هەر قەرزێکی کرێ.
- ئەگەر قەرزداری کرێکەتیت ئەوا دەتوانین کردەوە بکەین بۆ وەرگرتنەوەی ئەو قەرزە لە یەکێکتان یان لە هەمووتان.

b. ئەگەر هەر کام لە کرێچیە هاوبەشەکان بڕۆن:

- ئەو کرێچیەی کە لە ماڵەکەدا دەمێنێتەوە بەرپرسیار دەبێت لە هەموو کرێکان کە دەبێت بدرێن بۆماڵەکە، لەوانە هەر قەرزێکی کرێ کە لەسەر شوێنەکە بووە.
- ئەگەر وەک کرێچی هاوبەش ناوت ببرێت ئەوا تۆ ئەرکی سەرشانتە کە پارەی کرێ بدەیت و ئەو قەرزی کرێیەی کە هەیە بیدەیت ئەگەرچیش ماڵەکە بەجێبهێڵیت.
- ئەگەر قەرزی کرێت لەسەر بێت بۆ ماڵەکە هەر کردەوەیەک کە بکرێت بۆ وەرگرتنەوەی قەرزەکە بە ناوی هەموو کرێچیە هاوبەشەکانی ماڵەکەوە دەبێت.

2.7 وەرگرتنەوەی قەرزی خانوو:

a. ئەگەر قەرزداری کرێ بیت ئەوە دەگەیەنێت کە تۆ سەرپێچی مەرجەکانی بەکرێگرتنت کردووە. ئێمە دەتوانین بەکرێگرتنەکەت کۆتایی پێ بهێنین و ماڵەکەت لێ وەربگرینەوە لە ڕێگەی دادگاوە کە فەرمانی دەرکردنت بۆ دەربکات.

b. ئەگەر قەرزداری کرێ بیت، ئەوا ئێمە هەر پارەیەکی تۆمان لەلا بێت لە بڕی ئەو قەرزەی دەردەکەین کە هەیە.

c. ئەگەر داوا پێشکەش بکەیت بۆ گوێزانەوە لە ڕێگای ئێمەوە، لەوانەیە ئێمە ڕێ بەوە نەدەین ئەگەر قەرزی کرێت لەسەر بێت.

d. زەحمەتە بۆ ئێمە کە بتوانینماڵێکی تری هەمیشەییت بۆ پەیدا بکەین ئەگەر لەسەر قەرزی کرێ دەربکرێیت، ئەگەر چیش منداڵت هەبێت یان خەڵکت بەسەرەوە بێت.

e. ئەگەر ماڵەکە بجێبهێڵێت و قەرزداری ئێمە بیت و لە داهاتوودا داوای خانوو بکەیت، ئەوا داواکاریەکەت دەشێت کەمتر بایەخی پێ بدرێت یان لەوانەیە لە سەر لیستی خانوو بەرە لابرێیت.

2.8 قەرزی کرێی ماڵی ڕابردووت:

a. هەر قەرزێکی کرێی ماڵی پێشووی ئێمە کە هەبێت لە سەر ئەم ڕێکەتنامەیە دەنووسرێت.

b. ئەگەر قەرزداری کرێی ماڵی پێشوو بیت، ئەوا دەبێت ئەو قەرزانە بدرێنەوە وەک مەرجێک بۆ ئەم گرێبەستە. دەتوانیت بە بەش بەش بیدەیتەوە هەر وەک کە لەلایەن ئێمە یان دادگاوە ڕێکەوتنی لەسەر دەکرێت.

2.9 کۆتایی هێنان بە بەکرێ گرتنەکەت یان بەجێهێشتنی ماڵەکە:

سەیری بەشی 6 ی ئەم ڕێکەتنامەیە بکە - بەجێهێشتنی ماڵەکە.

## 3. بەکارهێنانی ماڵەکە

**3.1 ئەگەر سەرپێچی هەر کام لە مەرجەکانی ئەم بەشە بکرێت، لەگەڵ هەر کردەوەیەک کە بیکەین، ئەوا خەرجی ڕاستکردنەوەی ئەوانەت لێ وەردەگرین.**

3.2 مەرجی ماڵەکە:

a. دەبێت ماڵەکە ڕابگریت:

- لە بارێکی باشدا، بە پاکوخاوێنی، بەڕێکوپێکی و ڕازاوە.
- هیچ شتێکی تێدا نەبێت کە ببێتە ڕێگر، یان مەترسی ئاگربوونەوە، مەترسی تەندروستی و ڕووداو یان زیانی بناغەیی شوێنەکە.
- مشەخۆر و گیانلەبەری زیانبەخشی تێدا نەبێت و هانی بوونیان نەدرێت.

b. تۆ بەرپسیاریت لە ڕازاندنەوەی ناوەوەی ماڵەکە:

- ئەگەر هەر هاوکاریەکت بکەین لە خەرج یان کەلوپەلدا ئەوا تەنها دەبێت بۆ ڕازاندنەوەی ماڵەکە بەکاربهێنرێت.

c. نابێت ڕێ بە خۆت یان هەر کسێکی تر بدەیت لە کاری زیانگەیاندن، لەکارخستن یان نووسین لەسەر هەر کام لەمانەی ماڵەکەدا بەشدار بێت:

- دەروازەکان و کەلوپەلەکانی زەنگی ئاگاداری
- ئامێرەکانی دەرکپێکردنی دوکەڵ و گەرما.
- سەعاتی خوێندەوەی گاز، کارەبا یان ئاو.

d. بەپرسیاریەکانمان بەرامبەر بە باری ماڵەکە لە بەشی 5 ی ئەم ڕێکەتنامەیەدا ڕوونکراونەتەوە- چاکردنەوە و چاکسازیەکان.

3.3 مادەی گڕگر، لەوانە بوتڵ یان سلیندەری گاز:

a. **نابێت تۆ** مادەی مەتدرسیدار، تەقەمەنی یان مادەی گڕگر بەکاربهێنیت یان هەڵبگریت لە ماڵەکە، لە شوێنە هاوبەشەکان یان لە ژوور و شوینی هەڵگرتن لە ناوچەی بینای شوقەکاندا.

b. نابێت سلیندەر و بوتڵی نەوت، پارافین، گاز بۆ **خواردن دروستکردن** یان **گەرمکردنەوە** بکاربهێنرێت لە ماڵەکەدا.

c. لەبەر مەسەلەی سەلامەتی دەبێت پێمان بڵێیت کە ئەگەر سلیندەری ئۆکسجین و دەزگاکان کە بەکاریدەهێنیت دەبێت لەلایەن دەزگایەکی تۆمارکراوی پزیشکیەوە پێشنیار کرابێت.

3.4 ژمارەی ئەو خەڵکانەی کە ڕێیان پێ دەدرێت لە ماڵەکەدا بژین:

a. ئەوپەڕی ژمارەی ئەو کەسانەی کە ڕێییان پێ دەدرێت لە ماڵەکدا بژین لە پێشی ڕێکەتنامەکەت و کارتی کرێدانەکەتدا نووسراون.

b. هەر ژوورێک کە ئاگری گازی کراوە/بۆیلەری تێدا بێت نابێت وەک ژووری نووستن بەکاربهێنرێت. ئەوە **ناسەلامەتە** و ئێمە بۆریەکانی گاز دادەخەین.

3.5 باری هەر شوێنێکی هاوبەش لە بینای شوقەکان و شوقە سەربەخۆ (maisonette) کاندا:

a. دەبێت شوێنە هاوبەشەکانی بیانکە بە پاکوخاوینی و ڕێکوپێکی ڕابگریت.

b. دەبێت ناوچە هاوبەشەکان و دەروازەکانی ئاگربوونەوە بە پاکوخاوێنی ڕابگریت و هیچ شتێکیان تێدا نەبێت کە ببنە مایەی ڕێگری یان بێزارکردن، مەترسی ئاگربووەوە، تەندروستی یان سەلامەتی هەبێت یان زیانی بناغەیی بگەیەنن.

c. **نابێت** ڕێگە بە خۆت یان هیچ کەسێکی تر بدەیت کە دەستکاری کەلوپەلەکانمان بکەن لە ناوچە هاوبەشەکاندا و زیانیان پێ بگەیەنن، لەکاریان بخەن، پیسییان بکەن، بیان شکێنیت یان لێیان بنووسیت. لەوانە:

- بەر دەرگاکان یان کەلوپەلاکانی زەنگی ئاگادارکردنەوە.
- مەسعەد لەوانە دەرگاکانی، مەکینەکان و دوگمەکانی کۆنتڕۆڵکردنی.
- کەلوپەلەکانی ئاگرکوژانەوە و ئاگر دەرکپێکردن.
- بۆری و سەعاتی گاز، کارەبا و ئاو.
- شوشەی پەنجەرە و دەرگاکان.
- ژوور و ناوچەکانی شت هەڵگرتن.

d. فڕێدانی گونجاوی پاشماوە و کەلوپەلە نەویستراوەکان لە بڕگەی 3.9 دا باسکراون- فڕێدانی پاشماوەکان.

e. بەرپرسیاریەکانمان بۆ باری ناوچە هاوبەشەکان لە بەشی 5 ی ئەم ڕێکەوتنامەیەدا ڕوونکراوەتەوە - چاکردنەوەکان و چاکسازیەکان.

3.6 بەکارهێنانی باخچە، حەوشە و باڵکۆنەکان کە بەشێکن لە ماڵەکە.

a. دەبێت باخچەکان و باڵکۆنەکان ڕابگیرێن بە:

- ڕێکوپێکی و ڕووە ڕەقەکان بە پاکوخاوێنی.
- هیچ شتێکیان تێدا نەبێت کە ببێتە هۆی ڕێگرتن لە هەر کەسێک کە بە شێوەیەکی یاسایی لەوێیە، مەترسی ئاگربوونەوە دروست بکات، مەترسی تەندروستی و سەلامەتی هەبێت یان زیانی بناغەیی بگەیەنێت.
- پاشماوەی کۆبووەوە، کەلوپەل، کەلوپەلی ماڵ یان کانزا بێ کەڵکەکانی تێدا هەڵنەگیرێت.

b. گیاکان دەبێت ببڕێن و دەوەنەکان کورت بکرێنەوە.

c. نابێت ببیتە مایەی مەترسی بۆ ماڵەکەت یان ببیتە مایەی بێزاری، توڕەکردن، هەراسانکردن یان مەترسی بۆ دراوسێکانت بە بەکارهێنانی یاری ئاگرین یان سوتاندنی مادەیەک کە پێویستی ناوماڵ نەبێت و مەترسی هەبێت.

d. دەبێت مۆڵەتمان لێ وەربگریت پێش ئەوەی کە تۆ:

- گەراج، دۆڵاب یان دروستکردنی هاوشێوەی ئەوان دابنێیت.
- پەرژین دابنێیت یان دیواری جیاکەرەوە دابنێیت یان دیوارەکانی ئێستا لابەریت.
- دەوەن یان درەخت بڕوێنیت یان ئەوانەی کە ئێستاکە هەن لایان بەریت.
- بەردەگا دروست بکەیت، دیوار دروست بکەیت یان شوێنی چیمەنتۆکراو دروست بکەیت.

ئێمە بە ناگونجاوی مۆڵەتدان ڕەتناکەینەوە و هەروەها دەبێت مۆڵەتی یاسایی پێویست وەربگریت (بۆ نموونە مۆڵەتی پلاندانان).

e. سنوورەکانی ماڵەکە لەلایەن ئێمەوە دەستنیشان دەکرێت. بڕیارەکانمان بڕیاری کۆتایین لە حەڵەتێکدا کە ناکۆکی هەهبێت سەبارەت بە زەوی و سنوورەکانی.

3.7 بەڕێوەبردنی بازرگانی، کار یان پیشەیەک لە ماڵەکەتەوە:

a. دەبێت مۆڵەتی ئێمە وەربگریت **پێش** ئەوەی تۆ یان هەر کەسێکی تر دەست بکەن بە بەڕێوەبردنی بازرگانی، کارکردن یان پیشەیەک لە ماڵەکەتەوە. ئێمە ناگونجاوانە مۆڵەتدان ڕەتناکەینەوە.

b. ئێمە ڕێ نادەین بەم بازرگانیانەی خوارەوە کە لە ماڵەکەوە بەڕێوە ببرێن:

- چاکردنەوە، بۆیەکردنەوە، شتن یان پیشەی ئۆتۆمبیل، بەلەم، عەرەبانە، کەرەڤان یان شتی هاوشێوەی ئەوانە.
- دوکانی فرۆشی بەکۆمەڵ کە مشتەریەکان پێویست بکات سەردانی ماڵەکە بکەن.
- هەر بازرگانیەک یان پیشەیەک کە ئەگەری ئەوەی هەبێت بێزاری و ناخۆشی بۆ خەڵکانی تر دروست بکەن یان زیان بە ماڵەکە، بە زەویەکەمان یان ناوچە هاوبەشەکەمان بگەیەنێت.
- هەر بازرگانیەک کە بەکارهێنانی ماڵەکە و ناوچەکەی دوروبەری تێدا بێت بۆ هەر مەبەستێکی نایاسایی یان بەدڕەوشتی.

- هەر بازرگانیەک یان پیشەیەک کە بەکارهێنانی مادەی کۆنترۆڵکراوی وەک مادە کیمیاییەکانی تێدا بێت.

c. ئەگەر مۆڵەتی پێ بدەین ئەوا **دەبێت** ئینشورانس (تەئمین)، مۆڵەتی یاسایی و ئینشورانی بەرپرسیاری خەڵکیشت هەبێت.

d. ئەگەر هەر بازرگانیەک، پیشەیەک یان کارێک لە ماڵەکەدا سەرپێچی مەرجەکانی ئەم ڕێکەتنامەیە بکات ئەوا ئێمە مۆڵەتەکەت لێ وەردەگرینەوە. ئەگەر ئەوە بکەین دابێت ئەو کاربەڕێوەبردنە ڕابگیرێت.

e. تۆ یان هەر کەسێک کە بەرپرسیاری لێی وەک کرێچی، نابێت بازرگانی، کار یان پیشەیەکە بەڕێوەبەرێت لە:

- هەر شوێنێکی هاوبەش لە بینای فلاتەکان یان فلاتە سەربەخۆکاندا.
- هەر کام لە گەراجی بیناکانماندا
- هەر زەویەک لە ناوچەی دورەبەری ماڵەکەدا ( بۆ نموونە پارکەکان یان چیمەنەکان)

3.8 ئۆتۆمبیل و شتەکانی تر:

(لەوانە ئۆتۆمبیل، کەرەڤان، بەلەم یان عەرەبانە یان شتی هاوشێوەیان).

ڕاگرتنی ئۆتۆمبیل:

a. لە ماڵەکەدا تۆ دەبێت تەنها لەو شوێنانەدا ئۆتۆمبیل ڕابگریت کە زەویەکەی ڕەقە، لە شوێنە چیمەنتۆکراوەکان یان لە گەراجەکاندا. (بڕگەی 3.6 (d) ی ئەم ڕێکەوتنامەیە ئەم لایەنە باس دەکات).

b. لە ناوچەکاندا لەسەر زەویەکانمان کە تێیدا ڕێگە بە وەستانی ئۆتوبیل بدرێت، نابێت هیچ ئۆتۆمبیلێک دابنێیت کە:

- گەورە و قورس بێت.
- تاکسی پێویستی لەسەر نەبێت.
- لە حاڵەتی شێواو، شکاو، مەتدرسیدار بێت یان لەبارێکی ناگونجاودا بێت.

c. نابێت ڕێ بە هیچ ئۆتۆمبیلێک بدەیت کە تۆ لێی بەرپرسیار بیت لە ماڵەکەتدا بێت یان لەسەر زەویەکانماندا بێت.

d. نابێت هیچ ئۆتۆمبیلێک ( بۆ نموونە ماتۆڕ یان ماتۆڕپاسکیل) دابنێیت لە ناو ماڵەکەدا، لە هەر کام لە شوێنە هاوبەشەکان یان لە ژوورەکانی شت هەڵگرتنی بینای فلاتەکان یان فلاتە سەربەخۆکاندا.

e. نابێت کە ئۆتوبیل ڕادەگریت ببیتە ڕێگر بۆ:

- خزمەگوزاریەکانی فریاگوزاری.
- بۆ ماڵەکانی تر لە ناوچەکەتدا.

f. نابێت ڕێگە بە خۆت یان هەر کەسێکی تر بدەیت کە ئۆتۆمبیل ڕابگن یان بیجوڵێنن بە ناو شوێنە بۆشەکان یان چیەنەمەکان یان ڕێڕەوەکاندا.

g. لە ناوچەکانی شوێنی ئۆتۆمبیل داناندا، دەبێت تۆ یان هەر کەسێک کە لێی بەرپرسیاریت، تەنها لەو شوێنانەدا ئۆتۆمبیل ڕابگرن کە بۆ ئەوە دانراوە.

h. تۆ، یان هەر کەسێک کە تۆ لێی بەرپرسیاریت، دەتوانن کەرڤان، عەرەبانە، بەلەم یان هەر شتێکی هاوشێوە لە ناوچەکانی ئۆتۆمبێل ڕاگرتندا دابنێن ئەگەر شوێنی بۆش هەبن. دەبێت بیانگوێزیتەوە بۆ شوێنی گونجاوی تر ئەگەر داوات لێ بکەین کە ئەوە بکەیت. بڕیارەکانمان سەبارەت بە ڕاگرتنی ئۆتۆمبێل دوایەمین بڕیارە.

i. تۆ یان هەر کەسێک کە لێێ بەرپرسیاریت نابێت لە شوێنی ڕاگرتنی ئۆتۆمبیلی کەمئەندامان‌دا ئۆتۆمبیل ڕابگرن مەگەر تۆ مافی ئەوەت هەبێت کە لەوێدا ڕایبگریت. نابێت لە ڕێگر بیت لەبەردەم خەڵکنای تردا بۆ بەکارهێنانی ئەو شوێنی ئۆتۆمبیلانە.

چاکردنەوەی ئۆتۆمبیل:

j. تۆ یان هەرکەسێک کە لێی بەرپرسیت، نابێت کاری گەورە و بەردەوامی چاکردنەوە بکەن لەسەر ئۆتۆمبیلەکان لەسەر ماڵێک یان لەسەر زەویەکانمان.

k. تۆ یان هەر کەسێک کە لێی بەرپرسیاریت دەتوانن جار جار چاکردنەوەی بچووکی ئۆتۆمبیل بکەن ئەگەر:

- نەبێتە هۆی بێزارکرد، ناخۆشی و دروستکردنی مەترسی بۆ نیشتەجێکان.
- شوێنەکە بە پاکوخاوێنی و پاکوتەمیزی بەجێبهێڵیت و هیچ زەرەر و زیانێک بە ماڵ و زەویەکانمان نەگەیەنیت.
- نەبێتە هۆی پیسکردنی هەر ئاوەڕۆ و ژێرابێک یان ژینگەی ناوچەکە ( بۆ نموونە ڕشتنی نەگونجاوی ڕۆن یان بۆیە).
- کارەکە بەشێک نەبێت لە پیشەیەکی بازرگانی کە لە ماڵەکە یان ناوچە هاوبەشەکان یان زەوی ناوچەکەوە بەڕێوە ببرێت (بڕگەی 3.7 بەڕێوەبردنی بازرگانی پەیوەست بە ئۆتۆمبیل ڕووندەکاتەوە).

3.9 فڕێدانی پاشماوەکان:

a. دەبێت دڵنیای بکەیت کە پاشماوە و شتە نەویستراوەکانی ماڵەکەت بەشێوەیەکی گونجاو فڕێ بدرێن.

- دەبێت ڕێ نەدەیت کە لە ماڵەکەدا کۆببنەوە (بڕگەی 3.2 مەرجەکانی باش ڕاگرتنی ماڵەکە ڕووندەکاتەوە)
- نابێت بە شێوەیەکی ناگونجاو لە زەویەکانمان، لە ناوچە هاوبەشەکان یان لە ناوچەکەدا فڕێیان بدەیت. ئەگەر ئەوە بکەیت ئەوا پارەت لێ وەردەگرین.

b. لە بینایەکی فلاتەکان یان لە فلاتە سەربەخۆکاندا تۆ:

- دەبێت پاشماوەکان و کەلوپەلە نەویستراوەکان، لەوانە کەلوپەلی ناوماڵ، لە شوێنەکان یان ئەو شتانەی کە دابینکراون بۆ شت فڕێدانی گونجاوی ئەوانە، فڕێ بدرێن.
- نابێت هیچ پاشماوەیەک یان کەلوپەلە نەیوستراوەکان لە هیچ کام لە شوێنە هاوبەشەکان فڕی بدرێن کە بۆ فڕێدان یان هەڵگرتنیان دەسنیشان نەکراون.
- نابێت بەردەم دەروازەکانی ئاگرکوژانەوە یان کەلوپەلەکانی ئاگرکوژاندنەوە بگریت بە پاشماوەکان یان کەلوپەلە نەیوستراوەکان.

- نابێت هیچ شتێک فڕێ بدەیت یان ڕێ بدەیت کە هیچ شتێک لە هەر کام لە پەنجەرەکان، باڵکۆنەکان یان ناوچە هاوبەشەکانەوە بکەونە خوارەوە.

c. ئەگەر هەر سەرنج یان دەرزیەک لەلایەن تۆ یان هەر کەسێک کە لە ماڵەکەتدا دەژی یان سەردانی دەکات، بەکاربهێنرێت ئەوا دەبێت دڵنیای بکەیت بە سەلامەتی فڕێ بدرێن و نابێت لەشوێنێکی نزیکدا دابنرێن، لەبەر ئەوەی لەوانەیە بەر ستاف یان خاوەن گرێبەستەکانمان بکەون.

3.10 سەگ و گیاندارەکانی تر:

**a. دەتوانیت ئەم گیاندارانەی خوارەوەت لەلا بمینێت:**

- ئەگەر گیاندارێک لە برگەی 3.10 دا نەبێت (j-b لە خوارەوە) ئەوا دەتوانیت لات بمینێت بەبێ ئەوەی کە مۆڵەت لە ئێمە بۆ وەربگریت.
- بەڵام ئەمە لەسەر ئەو بنەمایەیە کە نابێت تۆ سەرپێچی هەر کام لە مەرجەکانی ڕێکەوتنامەکە بکەیت

b. نابێت ئەم گیاندارانەی خوارەوە ڕابگریت:

نابێت هیچ گیاندارێک ڕابگریت کە ئێمە پێمان وابێت کە نەگونجاوە؛ ئەم گیاندارانە بریتین لە:

- گیاندارانی وەک مریشک، بەراز، بزن یان ئەسپ یان هاوشێوەی ئەوانە.
- هەموو مێرووە ژەهردارەکان ( کە بەخەڵکەوە دەدەن) و جاڵجاڵۆکە.
- هەموو گیاندارە گەورە ژەهردارەکان یان ماری گەورە یان گیاندارە خشۆکەکان.
- هەر گیاندارێک کە بەپێی یاسا لە لیستدا دانراون وەک:
  - ♦ گیانداری کێوی مەترسیدار (بۆ نموونە یاسای گیاندارە کێویەکانی ساڵی 1976).
  - ♦ گیانداری کێوی کە نەتوانێت دابنرێت مەگەر بۆ مەبەستی زانستی یان پاراستن بێت (بۆ نموونە یاسای ژیانی کێوی و لادێکانی ساڵی 1981).
  - ♦ ئەو گیاندارانەی کە قەدەغەیە بازرگانی پێوە بکرێت، هەناردە بکرێن یان بهێنرینە وڵاتەوە ( بۆ نموونە گیاندارەکان کە لەژێر مەترسی نەماندان(هێنانە وڵات و هەناردەکردن) ی یاسای ساڵی 1976).

سەگەکان:

c. ئەم گرێبەستی بەکرێگرتنە لە پەڕەی یەکەمدا دەڵێت کە ئایا سەگ دەتوانرێت ڕابگیرێت لە ماڵەکەدا. سەگ ناتوانرێت لە ماڵێکدا ڕابگیرێت کە شوێنی چوونە ژوورەوەی هاوبەشی هەبێت.

d. ئەگەر ماڵەکە وا دانرابێت کە بۆ سەگ ناگونجێت:

- نابێت سەگ لە ماڵەکەتدا ڕابگریت.
- نابێت ڕێ بە سەگ بدەیت کە بێتە ماڵەکەت یان ناوچە دەروبەرە هابەشەکانی ماڵەکە تەنانەت بۆ سەردانیش.

e. برگەی 3.10 (c و d) ئەو سەگانە ناگرێتەوە کە تۆمارکراون بۆ هاوکاریکردنن.

f. **دەبێت** سەرەتا مۆڵەت لە ئێمە وەربگریت **پێش** ئەوەی کە هیچ سەگێک ڕابگریت لەوانە سەگی هاوکاریکردنیش.

- مۆڵەتت پێ نادرێت کە سەگێکی تایبەت ڕابگریت کە بەپێی یاسا سنووری بۆ دانراوە (بۆ نموونە یاسای سەگی مەترسیداری ساڵی 1991) کە بەخێوەدەکرێن بۆ شەڕکردن یان مەترسی گەورەیان بۆ خەڵک هەبێت.

g. هەر ڕێکەوتنێک لەلایە ئێمەوە کە ڕێت پێ بدات سەگ ڕابگریت بەپێی ئەوەیە کە تۆ:

- سەگەکە بەشێوەیەکی گونجاو کۆنترۆڵ بکەیت
- پەیڕەوی هەر یاسایەک بکەیت کە پەیوەست بێت بە ڕاگرتن و کۆنترۆڵکردنی سەگەوە.
- نابێت ڕێ بە سەگ بدرێت کە پیسی بکات، بە توندی بوەڕێت یان ڕەفتاری تری بێزارکەر بکات.
- دلنیای بکەین کە هەر باخچەیەک، گۆڕەپانێک یان باڵکۆنێک کە هەن بە باشی بەرژین کرابێتن، پارێزراو و پاکوخاوێن بن.

**مۆڵەت وەردەگیرێتەوە ئەگەر ئەو مەرجانە پەیڕەی نەکرێن.**

h. باڵندەکان:

**دەبێت** مۆڵەتی ئێمەت هەبێت **پێش** ئەوەی کە ئەم گیاندارانەی خوارەوە ڕابگریت.

- کۆتر و کوکوختی.
- باڵندەکان لە قەفەزی دەرەوە یان شتی هاوشێوەی ئەوەدا دابنرێت
- باڵندەی ڕاو.
(مۆڵەتت پێ نادرێت بۆ باڵندەیەک کە لە لیستی برگەی 3.10 دا دانرابێتن).

i. ئەگەر بۆت قەدەغە بێت کە گیاندار ڕابگریت:

ئەگەر تۆ یان هەر کەسێک لەگەڵت بژی، بە فەرمانی دادگا بۆی قەدەغە بێت کە گیاندار ڕابگرێت ئەوا نابێت ئەو جۆرە گیاندارە ڕابگریت لە ماڵەکەتدا هەتاوەکو ئەو قەدەغەکردنە بەردەوام بێت.

j. گیاندارە کێویەکان

**نابێت** هیچ شتێک بکەیت کە هانی گیانداری کێوی (بەرەڵا) بدەیت وەک کۆتر، جرج، مشک یان سمۆرەی خۆڵەمێشی بێنە ناو ماڵەکەت، بۆ سەر زەویەکانمان یان ناوچەکانمان.

4. ڕەفتارە دژە کۆمەڵایەتیەکان

4.1 **تۆ** بەرپرسیاریت لە ڕەفتارکردنی هاوڕێکانت، خزمەکانت، خەڵکەکانی تر (لەوانە منداڵەکانت) و گیاندارەکان کە لەلاتن یان سەردانکەرەکان بۆ ماڵەکەت، لە شوێنە هاوبەشەکان و نزیک ماڵەکەتدان.

4.2 **تۆ**، خێزانەکەت، سەردانکەرەکانت یان ئەو خەڵکانەی کە لە ماڵەکەدا دەژین نابێت ڕەفتاری دژە کۆمەڵایەتیانە بکەن یان هانی خەڵکانی تر بدەن ئەوە بکەن. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە نابێت ڕێ بە خەڵکانی تر بدەیت کە:

a. هەر شتێک بکەن کە ببێتە مایەی بێزارکردن، ناخۆشی و هەراسانکردن بۆ هەرکەسێک لە ناوچەکەدا.

b. هەر شتێک بکەیت کە ببێت هۆی تێکدانی ئارامی، حەوانەوە، سەلامەتی هەر کەسێک کە لە ناوچەکەدا دەژی.

c. ماڵەکە، هەر ناوچەیەکی هاوبەش یان ناوچەکە بەکاربهێنیت بۆ هەر مەسەستێکی بەد ڕەوشتانە یان نایاساییانە یان کردەوەیەک لەوێدا بکەیت کە ببێتە هۆی دەستگیرکردن.

d. هەراسانکردن، قسەی ناشرین، بەکارهێنانی توندوتیژی یان هەڕەشەکردنی توندوتیژی بەرامبەر بە هەر کەسێک بکەیت لە ناوچەکەدا، جا ئەگەر لەوێ بژین، سەردان بکەن یان لەوێدا کاربکەن. ئەوە ئەو شتانە دەگرێتەوە کە دەکرێن لەبەر ئەم شتانەی خوارەوەی کەسێکەوە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| تەمەن | کەمئەندای | توخم | ئەسڵی وڵات | ئایین |
| ڕەنگی پێست ئەسڵی نەتەوە | حاڵەتی HIV | ڕەگەز | | باری سێکسی |

e. لە ڕووی دەروونی، هەست و نەست و سێکسیەوە کاری ناشرین بەرامبەر هەر کەسێک بکەیت کە لە ماڵەکەدا دەژی.

f. توندوتیژی بەکاربهێنیت بەرامبەر ستافەکانمان، خاوەن گرێبەستەکانمان یان کاونسڵەر (ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی) ەکانمان.

g. شتێک بکەن کە ببێتە هۆی بێزارکردن، ناخۆشی، تووڕەی و هەراسانکردنی ستافەکانمان، خاوەن گرێبەستەکانمان یان کانسڵەرەکانمان.

هەندێک لە نموونەکانی ڕەفتارە دژە کۆمەڵایەتیەکان لە خشتەی 1 دا نیشان دراون.

4.3 نابێت سکاڵای درۆ یان زیانبەخش بکەیت لای ئێمە سەبارەت بە هیچ کەسێک.

4.4 ئێمە کردەوەی یاسایی دەکەین بۆ ئەوەی کە تۆ، خێزانەکەت، سەردانکەرانت یان ئەو خەڵکانەی کە لە ماڵەکەتدا دەژین بووەستێنین لەوەی کە ڕەفتاری دژە کۆمەڵایەتیانە بکەن. ئەوە ئەوەش دەگرێتەوە کە کردەوەی یاسایی بکرێت بۆ وەرگرتنی فەرمانی داداگا بۆ ڕاگرتن، فەرمانی دادگا بۆ ڕەفتاری دژە کۆمەڵایەتیانە یان دەرت بکەین لە ماڵەکە.

4.5 ئەگەری ئەوە کەمە کە ئێمە ماڵێکی تری هەمیشەییت بۆ بدۆزینەوە ئەگەر بەهۆی ڕەفتاری دژە کۆمەڵایەتیانە دەربکرێیت، تەنانەت ئەگەر منداڵیشت هەبێت یان کەسیشت بەسەرەوە بێت.

4.6 ئەگەر تۆماری ڕەفتارکردنی دژە کۆمەڵایەتیانە لە کاتی مانەوەتدا لە ماڵەکەدا گەڵاڵە بووبێت، ئەوا کۆتایی دەهێنین بە کرێچی بوونت، لەوانەیە لە داهاتوودا هەقی داواکردنەوەی خانووبەرەت لەلای ئێمە لێ وەربگیرێتەوە یان لەوانەیە کەمتر بایەخ بە داواکردنی خانووبەرەت بدەین.

بەرپرسیاریەکانمان:

a. ئێمە ڕەچاوی مافی ژیانت دەکەین کە لە ماڵەکەتدا بە شێوەیەک بژیت کە خۆت هەڵی دەبژێریت بەمەرجێک، تۆ، خێزانەکەت، سەردانکەرانت یان ئەو کەسانەی کە لە ماڵەکەدا دەژین هیچ کام لە مەرجەکانی ئەم ڕێکەتنامەیە نەشکێنن.

b. ئێمە مەسەلەی ڕەفتارکردنی دژە کۆمەڵایەتیەنا بە جدی وەردەگرین و لە شوێنێکدا کە بگونجێت ئەو دەسەڵاتە یاساییانەمان بەکاردەهێنین بۆ ئەوەی کە کردەوە بکەین بەرامبەر بەوانەی کە دەبنە هۆی کێشە دروستکردن.

- پێش ئەوەی کە کردەوەی یاسایی بکەین ئێمە پێویستمان بە بەڵگەی گونجاو هەیە.
- نموونەی ئەو جۆرە کردارانەی کە دەتوانین بەرامبەر ڕافتاری دژە کۆمەڵایەتیانەی کەسێک بیکەین لە خشتەی 1 دا خراونەتە ڕوو.

c. ئێمە هاوکاریت دەکەین و ئامۆژگاریت پێ دەدەین ئەگەر لە ڕەفتارێکی دژە کۆمەڵایەتیانە ئاگادارمان بکەیتەوە.

d. ئێمە لێکۆڵینەوە لەسەر سکاڵاکانت دەکەین، ئاگادارت دەکەینەوە و کردەوەی گونجاو دەکەین بۆ نەهێشتنی ئەو کێشەیە.

e. ئێمە سکاڵاکانت کە سەبارەت بە ڕەفتارە دژە کۆمەڵایەتیەکانن. ئاڕاستەی خزمەتگوزاری ناوبژیوانی (mediation service) یان ئاژانسەکانی تری دەکەین بەپێی گونجاندنی.

## 5. چاکردنەوەکان و چاکسازیەکان

### بەپرسیاریەکانمان

5.1 ئێمە چاودێری ماڵەکانمان دەکەین بە چاکردنەوەکان بەباشی و کارەکان بە ڕێکوپێکی دەکەین کە بریتین لە:

- بناغەی ڕووی دەرەوە لەوانە زەویەکان، سەقفەکان، پەنجەرەکان، ئاوەڕۆکان و ئاوەڕۆکانی باران.
- ڕازاندنەوەکانی دەرەوە.
- دانانی دەزگاکان:
  - ♦ دانانی بۆریەکانی غاز، ئاو و کارەبا و شوێنەکانی پاکوخاوێنی لەوانە تەوالێت، حەمام یان دەستشۆرەکان.
  - ♦ گەرمی ژوورەکان و ئاوی گەرم. لەوانە خزمەتگوزاری ساڵانە بۆ هەموو دەزگا گازیەکان کە هەن و کە لەلایەن ئێمەوە دانراون و پشکنینی وایەرەکانی کارەبا هەموو 10 ساڵ جارێک.

5.2 ئێمە چاودێریەکی گونجاو دەکەین بۆ ئەوەی کە ناوچە هاوبەشەکانی بیناکان و فلاتە سەربەخۆکان بە گونجاوی چاکرابێنەوە و گونجاو بن بۆ ژیان.

5.3 ئێمە ئەو چاکردنەوانەی کە پێمان ڕادەگەیەنرێت لە ماوەیەکی گونجاودا ئەنجامی دەدەین:

- کاتێک کە چاکردنەوەیەک ڕادەگەیەنین ئێمە پێت دەڵێین کە هەتاوەکو کەی ئەوە بە ئەنجام دەگەیەنین.
- ئێمە بریار دەدەین لەسەر سروشتی ئەو چاکردنەوەی کە بە ئەنجامی دەگەیەنین.

5.4 ئەگەر داوا بکەیت کە ماڵەکە بکڕیتەوە:

- ئێمە تەنها ئەو چاکردنەوانە بە ئەنجام دەگەیەنین کە بۆ ڕاگرتنی خزمەتگوزاریە سەرەکیەکانن و ماڵەکە بێ کەموکوڕی و کێشە ڕادەگرین.
- ئەگەر ماڵەکە بکڕیتەوە ئەوا بەرپرسیاریەکانمان بەپێی ئەم ڕێکەوتنامەیە کۆتایی پێ دێت.

5.5 ئەگەر ماڵەکە پێویستی بەوە بێت کە چۆڵ بکرێت بۆ کاری بینایی مەزن، چاکسازیکردن یان ڕوخاندن:

- ئێمە مافی وەرگرتنەوەی ماڵەکەمان هەیە.
- پێش ئەوەی کە ماڵەکەت لێ وەربگرینەوە دەبێت شوێنێکی ترت پێ بدەین.
- ئەگەر تەنها بۆ ماوەیەکی کاتی پێویستمان بەوە بێت کە ماڵەکە چۆڵ بکەیت ئەوا دەبێت بۆ ماڵەکەی خۆت بگەڕێنرێیتەوە لە ڕۆژی تەواوبوونی کاردا – مەگەر مۆڵەتت بە نووسین پێ بدەین کە لە ماڵێکی تردا بمێنیتەوە.

بەرپرسیاریەکانمان:

5.6 دەبێت بە زووترین کات چاکردنەوەکان ڕابگەیەنیت کە ئێمە لێی بەرپرسیارین.

5.7 تۆ لە چاکردنەوەکانی ڕۆژانە و چاکردنەوە بچووکەکان و کارەکانی تر بەرپرسی لە ماڵەکەدا:

- ئەگەر ئێمە ئەو جۆرە چاکردنەوەیە یان کارانەمان ئەنجام دابێت ئەوا بۆ ئەوە پارەت لێ وەردەگرین.
- ئەگەر کەسێکی تەمەندار یان کەمئەندام بێت ئەوا لەوانەیە بۆ هەندێک لە چاکردنەوەکان هاوکاریت بکەین.

5.8 تۆ بەرپرسیاریت لە سەلامەتی دانانە یاساییەکان، چاکردنەوەکان و ڕاگرتنی کەلوپەلەکانی ماڵەکەی خۆت (بۆ نموونە تەباخ و مەکینەی جل شتن). ئێمە پارەت لێ وەردەگرین ئەگەر ئەو دەزگایە ببێتە هۆی زیانگەیاندن بە ماڵەکەی خۆت یان دراوسێکەت و پێویستی بەوە بێت ئێمە کاری چاکردنەوە بکەین.

5.9 تۆ بەرپرسیت لە دابینکردن و گۆڕینی کەلوپەلەکانی ماڵ، دەزگاکان و شتە شەخسیەکان.

5.10 تۆ بەرپرسیاریت لە چاکردنەوەی سەلامەت و ڕاگرتنی باشی هەر چاکسازیەک یان گۆڕانکاریەک کە لە ماڵەکەتدا کردبێتت، مەگەر بە نووسین ڕازی بین کە خۆمان ئەوە بکەین.

5.11 ستاف و خاوەن گرێبەستەکانمان:

a. دەبێت ڕێ بە ستافەکانمان و خاوەن گرێبەستەکانمان بدەیت کە بێنە ماڵەکەتەوە بۆ ئەنجامدانی پشکنینەکان، چاکردنەوەکان، خزمەتگوزاریەکان، کارەکانی شت گۆڕین و کارەکان بۆ چاکردنەوەی هەر سەرپێچیکردنێکی ئەم ڕێکەتنامەیە.

b. ئێمە ماوەیەکی گونجاو پێش ئەوەی کە پێویستمان بە هاتنە ژوورەوە بێت ئاگادارت دەکەینەوە. ئەو ماوەی ئاگادارکردنەیە بەپێی گرنگی حاڵەتەکە دەگۆڕێت.

c. لە حاڵەتە فریاگوزاریەکاندا ستافەکانمان و خاوەن گرێبەستەکانمان دەتوانن

- بێنە ماڵەکەتەوە بێ ئەوەی کە پێشتر ئاگادارت بکەنەوە، ئەگەر ئێمە پێمان وابێت کە مەترسی برینداری شەخی یان زیانگەیاندن بە ماڵەکەمان یان ماڵەکاتی نزیکمان هەبێت.
- بە زۆر بێینە ژوورەوە ئەگەر کەسیش لە ماڵەکەدا نەبێت.
- نموونەی ئەو جۆرە حاڵەتانە بریتین لە:
  - ♦ ماڵەکە لە ژێر مەترسی حاڵەتی بناغەییەدا بێت.
  - ♦ گاز لێچوون هەبێت.
  - ♦ بۆری شکابێت یان ئاو بڕوات و زیان بە ماڵەکە بگەیەنێت یان بە ماڵەکانی دراوسێ زیان بگەیەنێت.

d. دەبێت ڕێمان پێ بدەیت کە بێینە ماڵەکە بۆ خزمەتگوزاری:

- گاز و هەر دەزگایەکی گاز بێت کە لەلایەن ئێمەوە دانرابێت و بەچاکی ڕابگیرێت،
- بۆری، وایەر و دەزگا کارەباییەکان.

ئەگەر ڕێمان پێ نەدەیت کە بێینە ماڵەکەتەوە ئەوا خۆمان ڕێ بۆ خۆمان دەکەینەوە بۆ هاتنە ژوورەوە وئەنجامدانی ئەو کارانە.

e. ئەگەر ڕێ بگریت لە هاتنە ژوورەوەمان بۆ ماڵەکە ئەوا ئێمە خەرجی ئەو کردارانەت لێ وەردەگرین بۆ ئەوەی کە وەک خاوەنماڵ بێینە ژوورەوە و ئەرکە یاساییەکانمان بە ئەنجام بگەیەنین.

5.12 دەبێت مۆڵەتی نووسراوت لە ئێمە وەرگرتبێت پێش ئەوەی کە هیچ شتێک زیاد بکەیت، چاکسازی بکەیت یان گۆڕانکاری لە ماڵەکەدا بکەیت، لەوانە دانانی سەتەلایت یان تەختکردنی زەویەکە.

- ئەگەر ئەوە نەکەیت ئەوا ئێمە خەرجی گەڕانەوەی ماڵەکە بۆ باری جارانت لێ وەردەگرین.
- ئەگەر هەر کام لەو مەرجانە کە بۆ ئەوەمان داناوە، ڕێنماییت نەکردبێت ئەوا مۆڵەتەکەمانت لێ وەردەگرینەوە.
- دەبێت هەر قایل بوونێکی تر بهێنیت (بۆ نموونە مۆڵەتی پلاندانان و ئینشورانسی بەرپرسیاری خەڵک) پێش ئەوەی کە ئەو کارانە بکەیت.

5.13 ئێمە بۆ ئەوە پارەت لێ وەردەگرین و دەبێت پارە بدەی بۆ:

- هەر کارێک کە بۆ ماڵەکە یان لە ماڵەکەدا بیکەین، لە ماڵەکانی دراوسێ یان ناوچە هاوبەشەکان بیکەین بەهۆی کردەوەی ناگونجاو، پشتگوێخستن یان زیانگەندنی بەمەبەست لەلایەن تۆ یان هەر کەسێکی ترەوە بکرێت کە تۆ لە ڕەفارکردنیان بەپرسیار بیت.
- زیانگەیاندن بە ماڵەکە یان هەر شتێکی ئێمە بزر بێت لە ماڵەکەدا (لەوانە دەرگا، پەنجەرە یان دۆلابەکانی مەتبەخ) مەگەر پۆلیس ژمارەی تاوانت بۆ دەربکات و لەلایەن کەسێکەوە نەکرابێت کە تۆ بەرپسیار بیت لە ڕەفتارکردنی. لە حاڵەتی تایبەتدا لەوانەیە ئێمە قایل ببین بەوەی کە پارەت لێ وەرنەگرین.
- زیانگەیاندن بە ماڵەکە یان هەر شتێکی ئێمە بزر بێت لە هەر شوێنێکی شت هەڵگرتنی کانسڵدا کە لە ڕیکەتنامەکەدایە مەگەر پۆلیس ژمارەی تاوانت بۆ دەربکات و لەلایەن کەسێکەوە نەکرابێت کە تۆ بەرپسیار بیت لە ڕەفتارکردنی.

5.14 ئەگەر ماڵەکە بەجێدەهێڵیت ئەوا سەیری بەشی 6 ی ئەم ڕێکەتنامەیە بکە- بەجێهێشتنی ماڵەکە.

6. بەجێهێشتی ماڵەکە

6.1 مەرجەکانی ناو ئەم ڕێکەتنامەیە ئەتگرێتەوە هەتاوەکو ئەو ڕۆژەی کە گرێبەستەکەت کۆتایی پێ دێت.

6.2 ئاگادارکردنەوە ناردن بۆ کۆتایی هێنان بە بەکرێگرتنەکە: (ئەمە ناگونجێت ئەگەر ئێمە داوای دەرکردنت بکەین).

a. **دەبێت** بەلایانی کەمەوە چوار هەفتە پێشتر ئاگادارمان بکەیتەوە بە نوسین، کە لە نیوەی دووشەمەیەکدا کۆتایی پێ بێت، کە تۆ لەو ڕۆژەدا دەڕۆیت. ئەو ئاگادارکردنەوەیە دەبێت بدرێت بە نووسینگەی خانووبەرەی ناوچەکە یان بە بەڕێوەبەری بەڕێوەبردنی خانووبەرە.

b. ژمارەی ئەو هەفتانەی کە پێشتر دەبێت تێیدا ئاگاداربکرێینەوە، دەتوانرێت کەمبکرێتەوە ئەگەر:

- تۆ گوێزانەوەکەت لە ڕێگای ئێمەوە قبوڵ کردبێت کە بگوێزرێیتەوە بۆ ماڵێک کە ئامادە بێت بچیتە ناوی.
- ئێمە داوامان لە تۆ کردبێت کە لە ماڵەکە بڕۆیت بۆ ئەوەی کە کاری مەزن ئەنجام بدەین.

c. ئەگەر لە کاتێکدا کە کرێچیت بمریت ئەوا ئێمە پارەی دوو هەفتە لە سامانە جێماوەکەت وەردەگرین.

6.3 کرێکەت کاتێک کە بەکرێگرتنەکەت کۆتایی پێ دەهێنیت و دەڕۆیت:

a. **دەبێت** هەتاوەکو ماوەی کۆتایی ئاگادارکردنەوەکە پارە بدەیت.

b. دەبێت کلیلەکان لەو ڕۆژەدا بگەڕینیتەوە بۆمان. بۆ هەر هەفتەیەک کە کلیلەکە دوابکەوێت ئێمە کرێی تەواوت لێ وەردەگرین هەتاوەکو ئەو کاتەی کلیلەکە دەگەڕێنیتەوە (هەفتەی کرێ لە نیوەی ڕۆژی دووشەممەی داهاتوودا کۆتایی دێت).

6.4 ماڵەکە بە بەتاڵی بەجێبهێڵیت بۆمان:

- کاتێک کە دەڕۆیت لە ماڵەکە، دەبێت بە بەتاڵی بیدەیتەوە بە ئێمە بەوەی کە کەس بەجێنەهێڵیت لە ماڵەکەدا.
- ئێمە کرداوەی یاسایی دەکەین بۆ دەرکردنی هەر کەسێک کە لە ماڵەکەدا بێت و خەرجی یاسایی لە تۆ وەردەگرێتەوە.

6.5 کاتێک کە ماڵەکە بەجێ دەهێڵیت دەبێت تۆ:

a. ماڵەکە بەجێبهێڵیت و باخچە، حەوشە و ژووری شت هەڵگرتن و دیوار و دەزگاکانمان لە بارێکی باش، پاکوخاوێن و گونجاودا بۆ بەکارهێنان، بەجێبهێڵیت.

b. کلیلەکان بۆ هەموو دەرگا و پەنجەرە کێلوندارەکان بگەڕێنیتەوە.

c. دڵنیای بکەیت کە هیچ گیاندارێک لە ماڵەکەدا بەجێ نەماوە.

d. هەموو شتومەکەکانت لابەریت (لەوانە کەلوپەلی ناوماڵ و کارپێت) و هەر پاشماوەیەک کە هەتبن. دەتوانیت ئەو شتانە بەجێبهێڵیت کە لە پێش چۆڵکردنی ماڵەکەتدا نووسرابێتن.

e. هەر پاشماوەیەک یان شتومەکی نەویستراو کە هەن دەبێت فڕی بدرێن
(سەیری بەشی 3.9 بکە- فڕێدانی پاشماوەکان)

f. دڵنیای بکە کە هەر گاز، کارەبا و ئاو بڕینێک یان هەر شتێکی تر (بۆ نموونە تەباخ) بە سەلامەتی، گونجاوی و بەپێی دواکاری یاسایی ئەنجام بدرێن.

g. هەر گۆڕانکاریەک، چاکسازیەک یان هەر زیادکردنێک بۆ ماڵەکە لاببرێت کە

- ئێمە مۆڵەتمان نەدابێت بۆی.
- تۆ مەرجەکانی ڕازی بوونی ئێمەت پەیڕەو نەکردبێت.

h. ئەگەر هەر کام لەمانەی سەرەوە نەکەیت ئەوا ئێمە ئەو خەرجانەت لێ وەردەگرین بۆ ئەوەی کە ئەو کارانە بکەین.

6.6 ئەگەر ماڵەکە بەجێبهێڵیت یان پشتگوێی بخەیت ئەوا هەر شتومەکێکی کە بەجێبهێڵرێت، لەوانە شتومەکی شەخسی و کەلوپەلەکانی ناوماڵ، فڕێ دەدرێن، هەڵدەگیرێن یان بە ئارەزووی خۆمان دەیفرۆشین بەپێی داواکاریەکانی یاسا.

## خشتەی 1

**ڕەفتارە دژە کۆمەڵایەتیەکان**

**A.** ڕەفتارە دژە کۆمەڵایەتیەکان ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

- هەراسانکردن بە
  - کۆنترۆڵ نەکردنی ڕەفتارکردنی منداڵەکانت.
  - مەستبوونی بە خراپی.
  - لێدانی مۆسیقا و سەیرکردنی تەلەفزیۆن بە دەنگی بەرز.
  - دەنگە دەنگ و هاوارکردنی بەرز.
  - دەرگا داخستن و قایم پێوەدانی.
  - کاری ناوماڵ یان بەکارهێنانی دەزگاکانی ماڵ لە کاتی نەگونجاودا.
  - بە بەردەوامی یاریکردنی تۆپی پێ لەلای ماڵی کەسێکی ترەوە لە ناوچە هاوبەشەکاندا.

- بەکارهێنانی ماڵەکە یان دەوروبەری بۆ:
  - بۆ مەبەستی لەشفرۆشی.
  - فرۆشتن، بازرگانیکردن، دروستکردن، ڕواندن و هەڵگرتنی مادە هۆشبەرە نایاساییەکان.
  - دروستکردن، دابەزاندن، بازرگانیکردن، بڵاوکردنەوە یان هێنانە ناوەوەی وێنەی سێکسی نایاسایی یان شتی بەدڕەوشتانە یان وێنەی کۆمپیوتەریی.
  - قاچاخچێتی بە کەلوپەل، شتومەک، گیانداران یان خەڵکەوە.
  - هەڵگرتن و بەکارهێنانی تەقەمەنی نایاسایی یان بێ مۆڵەت یان چەکی مەترسیدار.
  - چالاکیەکان کە پەیوەستن بە هاندانی ڕق و کینەی ڕەگەزی لەوانە هەڵگرتن و خستنە ڕووی شت یان کەلوپەلی ناشرین.

- هەروەها بابەتەکان کە لە بەشی 'بەکارهێنانی ماڵەکە' باسکراوە لەم ڕێکەوتنامەیەدا، لەوانەیە کاری لەسەر بکرێت وەک ڕەفتارە دژە کۆمەڵایەتیەکان. بۆ نموونە.

  - ئەگەر ماڵەکە لە بارێکی گونجاودا ڕانەگیرێت.
  - ئەگەر پاشماوە و کەلوپەلە نەویستراوەکان بە گونجاوی فڕێ نەدرێن.
  - پیسایی کردنی سەگ و وەڕینی.
  - بەخێوکردنی گیانداری ناگونجاو.
  - بەڕێوەبردنی بازرگانی چاکردنەوەی ئۆتۆمبیل یان فرۆشتنی لە ماڵەکەوە یان لە دەوروبەریدا.

تکایە تێبینی ئەوە بکە کە ئەمانە نموونەی ڕفتارە دژە کۆمەڵایەتیەکانن و ئەوە ناگەیەنێت کە ئێمە ناتوانین کردەوە بکەین بەرامبەر ڕەفتار یان بەشی تری ئەم ڕێکەتنامەیە کە لێرەدا نەنوسرابێتن.

**B.** نموونەکانی ئەو کردارانەی کە ئێمە لە دژی ڕەفتارە دژە کۆمەڵایتیەکان دەیکەین:

- پێدانی خزمەتگوزاریەکانی ناوبژیوانی.
- داوا لە دادگا بکەین کە بڕیارێکی تایبەت بۆ ئەو کەسانە دەربکات کە بوونەتە هۆی کێشەکە.
- بەکارهێنانی گرێبەستی ڕەفتاری قبوڵکراو (Acceptable Behaviour Contract).
- داوا لە دادگا بکرێت کە فەرمانێکی ڕەفتارە دژە کۆمەڵایەتیەکان دەربکات لە دژی ئەو کەسانە دەری بکات کە بوونەتە هۆی کێشەکە.
- کێشەکە ئاڕاستە بکرێت بۆ، یان کاربکرێت لەگەڵ، ئاژانسەکانی تری وەک سۆشیال سێرڤیس، خزمەتگوزاری تەندروستی ژینگەیی یان پۆلیس. ئەم ئاژانسانە دەتوانن دەسەڵاتی خۆیان بەکاربهێنن لەوانە سزادان، دەستبەسەراگرتنی شتومەک یان چارەسەرکردنی کێشەی پەروەردەکردنی دایکوباوکانە.

C. ڕەفارکردنێکی دژە کۆمەڵایەتیانە دەشێت کاریگەری هەبێت لەسەر باری خانووبەرەت لە داهاتوودا:

- ئەگەری ئەوە لە ئارادا نیە کە ماڵێکی تری هەمیشەییت بۆ بدۆزینەوە ئەگەر لە ماڵێک دەربکرێیت بەهۆی ڕەفتارە دژە کۆمەڵایەتیەکان، ئەگەر چیش منداڵت هەبێت و خەڵکت بەسەرەوە بێت.
- ئەگەر تۆماری ڕەفتارە دژە کۆمەڵایەتیەکان لە ماوەی مانەوەتدا لە ماڵەکە گەلاڵە بووبێت ئەوا چیتر کرێچی ئێمە نامێنیت، لەوانەیە لە داهاتوودا بۆت نەبێت داوای خانووبەرە بکەیت لە ئێمە یان لەوانەیە داواکاریەکەت کەمتر بایەخی پێ بدرێت.

## لیستی پێناسەکان

| | |
|---|---|
| گرێبەستی ڕەفتارکردنی قبوڵکراو(ABC) | ڕێکەوتنامەیەکی نووسراو لە نێوان کەسێک، پۆلیس و کانسڵدا. |
| گیاندار | گیاندارە شیر دەرەکانی تێدایە ( وەک سەگ، پشیلە، کەروێشک)، باڵندەکان، خشۆکەکان، ماسی، مێروو، جاڵجاڵۆکە و گیاندارە وشکاوەکیەکان. |
| فەرمانی ڕەفتارە دژە کۆمەڵایەتیەکان (ASBO) | فەرمانێکە کە لەلایەن دادگاوە دەرکراوە بەپێی بەشی 1 لە یاسای تاوان و ئاژاوەی ساڵی 1998. |
| گرێبەستی بەکرێگرتنەکەت ببەخشیت | ڕێکەوتنامەی بەکرێگرتنەکەت بگوێزیتەوە بۆ کەسێکی تر لەڕێگای 'دەستنیشانکردن' ەوە. ئەمە تەنها لە حاڵەتی دەگمەندا دەکرێت. نامیلکەی کرێچیەکان زیاتر ووردەکاری تێدایە. |
| سەرپێچیکردن | ئەگەر هەر کام لە مەرجەکانی بەکرێگرتنەکەت بشکێنیت (مەرجەکانی بەرێگتن/ڕێکەوتنامە) ئەوا تۆ "سەرپێچیت کردووە" سەبارەت بە ڕێکەوتنامەکەت لەگەڵ کانسڵدا. سەرپێچیکردنی ڕێکەوتنامەکەی بەکرێگرتنەکەت دەشێت ببێتە هۆی لەکیسچوونی ماڵەکەت. |
| پارە وەرگرتنەکان | خەرجەکانی کانسڵ بۆ ئەنجامدانی هەر کارێک لەوانە قازانج لەسەر پارەدانی درەنگ، VAT و خەرجی دادگا. خەرجی کارەکانی چاکردنەوە حساب دەکرێت بە ئاماژە بە خشتەیەکی نرخەکان کە دابینکراوە بۆ پشکنین لە نووسینگەی خانووبەرەی ناوچەکەت. ئەوانە بە گشتی بە 'پارە وەرگرتنەوەی باش ڕاگرتن" مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. |
| ناوچە هاوبەشەکان | ئەو بەشانەی بیناکانی کانسڵ و بینای شوقەکان کە هەموو کرێچی و نیشتەجێکان دەتوانن بەکاریبهێنن. ئەمە سەر پلیکانەکان، بەردەم پلیکانەکان، باڵکۆنەکان، ڕاڕەوەکان، مەسعەدەکان، شوێنی خزمەتگوزاریەکان، شوێنی خۆڵ کۆکردنەوە، باخچە هاوبەشەکان و چیمەنەکان دەگرێتەوە. |
| مەرجەکان بەکرێگرتنەکەت | سەیری مەرجەکانی بەکرێگرتن بکە. |
| کانسڵ (بەهەمان شێوەی 'کانسڵەکە') | Southampton City Council |
| وەرەسە (بەشێوەی 'وەرەسەکەی تۆ') | دوای مردنت هەر سامانێک یان پارەیەک کە کەسی مردوو هەیەتی پێی دەگووترێت وەرەسەی ئەو کەسە. |
| دەرکردن | ئەگەر لەلایەن دادگاوە فەرمانت بۆ دەکرابێت کە ماڵەکەت بگەڕێنیتەوە بۆ کانسڵ و ماڵەکە بەجێ نەهێڵیت ئەوا کانسڵ داوا لە دادگا دەکات کە لاتبەرێت (دەرت بکات) لە ماڵەکە. ئەمە پێی دەڵێن دەرکردن. |

| | |
|---|---|
| کەلوپەلە جێگیرەکان | هەر شتێک کە لە ماڵەکدا دانرابێت لەوانە دۆڵابەکانی مەتبەخ، ئاگردان، دۆڵابی هەواکێش و هەموو ئەو دەستگایانەی کە بۆ ڕاکێشانی گاز، کارەباو ئاوە. |
| باخچە | هەموو باخچەکان لەوانە چیمەن، دەوەن، گوڵەکان، درەختەکان، درەختە بچووکەکان، دیوارەکانی دەرەوە و پەرژینەکان. |
| خزمەتگوزاری خانووبەرە | خزمەتگوزاریەکان کە بە تایبەتی لەلایەن کانسڵەوە دابین دەکرێت بۆ تۆ وەک کرێچی. |
| فەرمانی دادگا | فەرمانێکی دادگایە بۆ ڕێگرتن لە کەسێک کە شتێکی تایبەت بکات یان وا لە کەسێک بکات کە شتێکی تایبەت بکات. |
| ناوچەیی | هەموو شتێک، لەوانە هەموو زەویەکان، خانووەکان، دوکانەکان و شەقامەکان، کە لە دووریەکی گونجاون لە ماڵەکەوە. |
| پارە وەرگرتنەوەی باش ڕاگرتن (MRC) | بڕی ئەو پارەیەی کە دەبێت بیدەیت بە کانسڵ بۆ کارێک کە ئەنجام بدرێت بۆ ماڵەکە یان لە ماڵەکەدا یان لە زەویەکانی تری کانسڵد یان ماڵی کەسێکی تردا یان ئەو کەسانەی کە لەوێ دەژین یان سەردانی ماڵەکە دەکەن، کە کرابێت یان نەکرابێت. ئەم پارە وەرگرتنە حساب دەکرێت بە ئاماژە بە خشتەی بڕە پارەکان کە لە نووسینگەی خانووبەرەی ناوچەکەتدایە بۆ پشکنین. هەروەها پارەی کارگێری، VAT، هەر خەرجیکی دادگا و قازانج لەسەر پارەدانی درەنگ دەگرێتە خۆی. |
| گۆڕینەوەی دوولایەنە | گۆڕینەوەی بەکرێگرتن لەگەڵ کرێچی دەسەڵاتێکی ناوچەیی تر یان ڕێکخراوێکی تری خانووبەرە. هەر کەسێک ئەمە بکات **دەبێت** سەرەتا مۆڵەتی نووسراوی هەردوو خاوەن ماڵەکەی وەرگرتبێت. |
| ئاگادارکردنەوەی وەرگرتنەوەی ماڵەکە (NOSP) | ئاگادارکردنەوەیەکە کە دەردەکرێت بۆ کرێچیەکی پارێزراو وەک هەنگاوی یەکەمی کانسڵ بۆ لێ وەرگرتنەوەی ماڵێک لە کرێچی. ئەم ئاگادارکردنەوەیە دەشێت بۆ کرێچیەکە شەخسی دەربکرێت یان بۆ ماڵەکە دەربکرێت، لەوانە دەکرێت بخرێتە کونی پۆستەی ماڵەکەتەوە. |
| ئاگادارکردنەوەی وازهێنان (NTQ) | ئەمە دەشێت بە یەکێک لەم شێوانە بێت:<br><br>• ئاگادرکردنەوەیەک کە لەلایەن کانسڵەوە دەردەکرێت بۆ کۆتایی هێنانی مافی کەسێک کە کرێچی پارێزراو نین بۆ مانەوە لە ماڵەکە. ئەم ئاگادارکردنەوەیە دەشێت بۆ کرێچیەکە شەخسی دەربکرێت یان بۆ ماڵەکە دەربکرێت، لەوانە دەکرێت بخرێتە کونی پۆستەی ماڵەکەتەوە. |

یان

- ئاگاداریەک لەلایەن کرێچییەوە بدرێت یان یەکێک لە کرێچییەکانی بەکرێگرتنی هاوبەش بینێرێت، کە بڵێت دەخوازێت واز لە بەکرێگرتنەکە دەهێنێت.

ئاگادارکردنەوەی واز هێنان کە لەلایەن یەکێک لە کەسەکانی بەکرێگرتنێکی هاوبەشەوە دەردەکرێت بۆ هەموو کرێچیە هاوبەشەکانی ئەوماڵەیە.

| | |
|---|---|
| ئاگادارکردنەوەی گۆڕانکاری | ئاگادارکردنەیەوەیەکە کە لەلایەن کانسڵەوە دەردەکرێت بۆ گۆڕانکاری لە مەرجەکانی بەکرێگتنەکەتدا. |
| مۆڵەتدان | نامەیەکە کە کانسڵ دەینێرێت و مۆڵەتت پێ دەدات کە شتێکی تایبەتی بکەیت. |
| مۆڵەتدانی یاسایی | مۆڵەتدانی پلاندانان، مۆڵەتی چاودێریکردنی بینا، مۆڵەتدانی تەندروستی و سەلامەتی، مۆڵەت وەرگرتنەکان و ئینشورانسە جیاوازەکان (ئینشورانسی پاراستنی خەڵک) کە لەوانەبێت پێیوستتت پێ بێت بۆ ئەوەی شتێکی تایبەتی بکەیت لە ماڵەکەتدا. |
| وەرگرتن/دەستپێکردنی وەرگرتنەوە/وەرگرتنەوە | کار و پرۆسەی یاسایی کە بەکاردەهێنرێت کاتێک کە کانسڵ داوا لە دادگا دەکات کە ماڵەکەت لێ وەربگرێتەوە. |
| ماڵ (بەشێوەی "ماڵەکە") | ئەو ماڵەی کە تێیدا دەژیت کە باخچە، حەوشە یان باڵکۆن دەگرێتەوە بەڵام شوێنەکانی شت هەڵگرتنی ناو بیناکە ناگرێتەوە لە بینای فلاتیدا. |
| سەگی هاوکاری تۆمارکراو | سەگێکە کە دابینکراوە و مەشقی پێ دراوە لەلایەن دەزگای پەیوەندیدراوە کە هاوکاری ئەو خەڵکانە بکات کە کوێرن، کەڕن یان کەمئەندامن، بۆ نموونە. <br>• سەگی ڕێنماییکردنی خەڵکانی کوێر. <br>• سەگی بیستن بۆ خەڵکە کەڕەکان. <br>• سەگی پشتگیری بۆ خەڵکە کەمئەندامەکان. |
| کرێ | هەموو پارە وەرگرتنەکان کە دەبێت بیاندەیت بە کانسڵ بۆ ئەوەی کە لە ماڵێکدا بژیت. کرێ پێکهاتووە لە بەشی جیاواز، بۆ نموونە خەرجی گەرما ('خەرجی گەرما') و خەرجی خزمەتگوزاری پشتگیری ("خزمەتگوزاری پشتگیری"). دەبێت هەموو کرێکەت بدەیت بۆ ئەوەی کە بەبەردەوامی بژیت لە ماڵەکەتدا. |
| بەکرێگرتنی سەلامەت | بەکرێگرتنێک کە گەلێک ماف و بەرپرسیاری بە کرێچی دەدات. ئەوانە مافی ژیان لە ماڵەکە دەگرێتەوە. تەنها دادگا |

| | |
|---|---|
| | دەتوانێت مافی ژیان لە ماڵێکدا لە کرێچیەکی پارێزراو وەربگرێتەوە. |
| خانووبەری تەمەنداران | خانووبەرەی تەمەنداران شوێنێکی گوزەرانی سەربەخۆیە بۆ خەڵکانی بەتەمەن لە شوێنێکدا کە خزمەتگوزاری هەمەجۆری تێدا بێت. خزمەتگوزاری پاراستن کە پشتگیری، ئامۆژگاری و پەیوەستبوون بە خزمەتگوزاری ڕێکخراو بۆ خەڵکانی بە تەمەن، دابین دەکات. |
| بەکرێدانەوە | مافی ژیان بدەیت بە کەسیکی تر کە لە ماڵەکەدا بژی. ئێمە ڕێ بە بەکرێدانەوە نادەین بۆ هەموو ماڵەکە. |
| بۆمانەوە | ئەمە تەنها کاتێک روو دەدات کە کرێچیەک دەمرێت. کاتێک کە کرێچیەک دەمرێت ئەندامێکی خێزانەکە کە لەگەڵیاندا دەژی لەوانەیە بتوانێت بەکرێگرتنەکەی 'بۆ بمینێتەوە' و ببێتە کرێچی- بەڵام تەنها لە حاڵەتی تایبەتدا. |
| خزمەتگوزاریەکانی پشتگیری | ئەمانە ئەو خزمەتگوزاریانەن کە بۆ ئەوەی توانا بە نیشتەجێکان بدات کە خزمەتگوزاریەکە وەردەگرن، بە سەربەخۆیی بژین. |
| مەرجەکانی بەکرێگرتن | هەموو مەرجەکان، ڕێساکان، ڕێکخستنەکان و بەرپرسیاریەکان کە لەم ڕێکەوتنامەی بەکرێگرتنەدایە کە دەبێت هەردوو کانسڵ و کرێچی پابەند بن پێوەی. |
| من/ئێمە/هی ئێمە | کانسڵی شاری ساوسهامپتن (خزمەتگوزاریەکانی خانووبەرە). |
| ئۆتۆمبیل | ئۆتۆمبیل، پاس، لۆری، ڤان، ماڵی- جوڵاو، کەرەڤان، بەلەم، ماتۆڕ، ماتۆڕ پاسکیل و هاوشیوەی ئەوانە. |
| ئێوە | کرێچی و لە حاڵەتی کرێچیە هاوبەشەکاندا، یەکێک یان هەموو کرێچیە هاوبەشەکان. |